کۆبوونەوەی بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فایەق زێدان سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق لە بەغدا

بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و فایەق زێدان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عیراق لە بەغدا کۆبوونەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی یەکێتی لەراگەیەندراوەکدا رایگەیاند لەکۆبوونەوەکدا سەرۆک یەکێتی پشتیوانیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی بە بەردەوامیی گفتوگۆی بونیادنەرانەی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان دووپاتکردەوە و جەختی لە تەپڵاندنی بەربەست و ناکۆکییەکان کردەوە بەشێوەیەک دەستوور و یاسا بەرکارەکان خاڵی یەکلاکەرەوەبن.
لە بەشێکیتری کۆبوونەوەکدا پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکە و سەروەریی یاسا گفتوگۆی لەبارەوەکرا و سەرۆک بافڵ وتی، بەهەمووشێوەیەک پشتگیریی سەربەخۆیی دادگاکان دەکەین و دەبێت یاسا پارێزەری راستەقینەی مافی هەموو گەلانی عیراق بێت.